# دەقی کراوە و داخراو دوو کیشوەری جیان، یان ؟

موحسین ئاوارە

**سەرەتا**

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەم دوو زاراوەیە (دەقی کراوە و داخراو)، یان بڵێین دوو چەمکی هاوتەریب و هاو دژ، یان دوو جەمسەری ئەم سەر و ئەو سەری لێکگرتوو و لالووت، یان جار بەجاریش تەبا. بۆ قسە کردن و شەنوکەوکردنیان بە جیا جیا زۆر هەڵدەگرێ، لەگەڵ ئەوەی لەم ساڵانەی دواییانەدا نووسین و بیروبۆچوونی هەمەجۆر لێرە و لەوێ مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، منیش لە لای خۆمەوە چەند سەرنج و ڕاو ڕاڤەیەکم هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە، لە پاڵ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانیان کە چەند ڕێچکەی تری لێ دەکەوێتەوە.

لێتۆژینەوەی ڕەخنەیی و ئەنتروپۆلۆژی (مرۆڤزانی) و مێژوویی و ئەرکیۆلۆژی (شوێنەوارزانی) و هەموو زانینەکانی تر سەبارەت بە مرۆڤ و دەربڕینەکان و داهێنانەکان هاوڕان، لەگەڵ هەڵوەشانەوە و تێکشانی جەستە زەمەنییەکان و بنیادە پێکهاتەکان چ بە دەستکاری، یان ڕێکخستنەوە، یان لێتێپەڕاندنیان بە داهێنانی نوێ و زانیاری تازە و ساغکردنەوەی لە ڕێگای زانستە مەعریفییەکان و چوونە نێو قووڵایی نهێنییەکانی گەردوونی، لەم نێوەندەشدا لایەنی ئیستێتیکی ژانرەکانی ئەدەبی و فەلسەفی و هونەری و گشت ڕەهەند و کایەکانی تر، چ لە ڕووی تیوری، یان پراکتیکی بێت، هەڵبەتە ئەفراندنەکان لەژێر پرۆسەی هەر فۆرم و چەمکێکدا بێت بە شێوە والا و ڕووکەشەکەی، یان داخراو.

دیارە دەقی زیندوو هەمیشە ڕەونەقی پەنجە ڕەنگینەکانی داهێنەرانی بە درەوشاوەیی بە سەرەو نەمرە. هەن زۆریشن عەودالانی نوێگەری لە گشت مەیدانەکانی ئەدەب و هونەرە جوانەکان وەک نووسین زۆریان لەسەر نووسراوە، وەک گوتنیش چەندوچوونیان لەسەر کراوە، بێ گومان هەر بزاڤ و ڕێباز و تەوژم و شەپۆلێک وەرچەرخانێکی نوێ دێنێتە ئاراوە، کە فاکتەر و پاڵنەری خودی و بابەتی لە پشتە و زەمینەی لەبار و هەلومەرجی مێژوویی و پاشخان و باکگراوندێکی خۆی هەیە.

(کارل یاسبزر) ی فەیلەسووف دەڵێت: (سەردەمی تەکنۆلۆژیا و زانست جۆرێکە لە دەستپێکی دووەمی بەشەرییەت ڕووەو هەنگاوی نوێ و داهێنانی نوێ و تازە بوونەوە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و زانستەکان بەرەو پێشەوەتر ڕۆیشتووە) * (١)

کەواتە هەر گۆڕانکارییەک لە هەر بوارێک لە بوارەکاندا ئەنجام درا بێ، فۆرمێکی تازە و جەوهەرێکی نوێی مەبەستداری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، هەڵبەتە ئەو



**عەباس عەبدوڵلا یووسف**

زۆرانبازییانەی لەسەر گۆی زەوی ڕوو دەدەن دژەکان یەکتر تەواو دەکەن، یان بە بارەکەی تر دژەکان یەکتر ڕەت دەکەنەوە، واتە لە یەکەم حاڵەتدا قبوولکردنی ئەوەی ترە، لە دووەمدا قبووڵ نەکردنە، ئینجا ئەم دوو جەمسەرە ئەم سەر و ئەو سەری لێ گرتووین، ئەویش مەسەلەی (کۆن و نوێ)یە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، هەر لەم گۆشەنیگایەوەش ئەم دوو زاراوەیە هاتوونەتە ئاراوە.

## دەقی کراوە و دەقی داخراو

ئەم دوو زاراوەیە بۆ زۆر بوار و حاڵەتەکان بە کاردێن، کاتێ دەنووسرێ (نامەیەکی کراوە بۆ...)، واتە نامەیەکە ئازادە و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەکرێتەوە، یان لە هەر کەناڵێکی دەنگ و ڕەنگ ئاراستە دەکرێ بە پێچەوانەی (نامەیەکی داخراو) کە تایبەتە و نهێنییە نێوانی دوو کەوانەی داخراو لە خۆ دەگرێ، کاتێ دەگوترێ لیستی کراوە، بە تایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو دەکرێ، یان لیستی داخراو، یان دەرگا و دەروازەی کراوە و داخراو، یان دەستی کراوە بە مانای سەخاوەت و دەستی داخراو، نووقاو بە مانای ڕەزیلی... تاد)

ئەوەی لێرەدا گرینگە سەبارەت بە بابەتەکەی ئێمە (دەقی کراوە و دەقی داخراوە) کە بە گشتی لایەنی ئەدەب دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەیە کە لە سەری ڕاوەستم و درێژەی پێ بدەم زیاتر و زیاتر تەنیا لایەنی شیعر دەگرێتەوە.

لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا وەک ڕێبازێکی نوێ باس لە دەقی کراوە و داخراو دەکرێ و پەیڕەویش دەکرێ، ئەم تەوژمەش بە تاقیگەکانی ئەدەبی ئەمڕۆماندا تێپەڕ دەبێ، دیارە هەر گۆڕانکارییەکیش گۆڕانکاری تری بە دواوەیە، مادامەکێ ژیان نەوەستاوە، من بەش بە حاڵی خۆم وای بۆ دەچم شیعری بە پێز و بابەتی داهێنەران ئەگەر ڕووگەی داهێنانەکەی بەبەرەوە بێ لە نێو جوغزی داخراو، یان کراوە بێ، پێوانە ناکرێ بەوەی لە قاڵب دراوە، یان لە نێو قاڵبێکی شکێنراودایە.

ئەو میتود و تیورانەی دەقیان بە دنیایەکی سەربەخۆی داخراو دادەنا، زیاتر فۆرمالیستە ڕووسەکان و میتودی بنەماگەراکان پەیڕەویان دەکرد.

(د. حەمە نووری عومەر کاکەیی) لە لێکۆڵینەوەکەیدا وامان بۆ دەردەخات کاتێ دەڵێت: (لە مەڕ دەقی کراوە، یان تێکستی والا، یان فرە واتایی کە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریدا بە کار دەهێنرێت ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە (ئەمبیرتۆ ئیکو ۱۹۳۲) ئەم زاراوەیەی داهێناوە و کتێبێکیشی بەو ناونیشانەوە چاپ کردووە، ئەم زاراوەیە لای ڕۆژهەڵاتییەکان ئەو چەمک و واتا فراوانەی نەبوو، وەک لەم دواییەدا لای ئەوروپاییەکان دەرکەوت، مانای ئەو زاراوەیە پێوەندی بە ڕاڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، مانای زاراوەکە ئەوە نییە کە تێکستەکە تەواو نەکراوە و کۆتاییەکی کراوەی هەیە و خوێنەر خۆی دەتوانێت تەواوی بکات، وەک هەندێ کەس بە هەڵە لەم زاراوەیە دەڕوانن، هەروەها بەو مانایەش نایەت کە کۆمەڵێک ژانری ئەدەبی لە تێکستێکدا کۆ بکرێنەوە و ناوی دەقی کراوە، یان تێکستی والای لێ بنرێت)*(۲)

## جیاوازییەکانی نێوان دەقی کراوە و دەقی داخراو

* لە (دەقی کراوە)دا بە شێواز و فۆرمە جیا جیاکانی و پانتاییە لیبراڵ و ڕادیکاڵییە ئازاد بووەکەی بە تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی زمان و سنوورەکانی دەربڕین و قرتاندنی ڕایەڵەکانی یاسا و داڕشتنە ستوونییەکانی کە سەربەستییەکی تەواوی هەیە لە بەزاندنی بابەتی و ئۆرگانی لە دووتوێی شیعردا،

(نەجـات حـەمـیـد) لەم بارەیەوە بۆچوونی خـۆیمان بۆ دەردەخات کاتێ دەڵێت:

(هەمـــوو دەقـــێک، هەمـــوو تابلۆیەک.. هەمـــوو نووسـینێک لە جـیـهـاندا لە دوو ئامانج و دوو شـێـوەدا کۆدەکرێتەوە، شێوەیەکی (بەرچاو خراو) و (شێوەیەکی شـاراوە)، تەنانەت ئەو دوو سـەرە بوونەی (دەق)یش لە مرۆڤ و گەردوون و ئایین و شارستانێتی و مـێژووشدا بوونی خۆی هەیە، ئەمڕۆکە لێکۆڵینەوە مەعریفییەکان ناتوانن بە ئاســـانی ئەم دەلالەتەی بوونی مـــرۆڤ ڕەشکەنەوە) * (٣)

* (لە دەقی داخـراو)دا پانتـاییـەکـان سنووردارن و قاڵبی ئامادە کراوی هەیە و پەیوەستە بە یەکێتیی بابەتی و ئۆرگـانی و سـتـراتیـژیەتی پابەندبوون بە (نۆرمـاتیڤ) کـۆمـەڵە یاسـا و ڕێسـایەک هەر لە فـۆرم و ناوەڕۆک و شێوازە یەک نەزمییەکەی و داڕشتەییە پێکهاتەکەی تا دەگاتە مۆنۆپۆڵکردنی شاعیر لە نێوەند دوو جەمسەری لێکدراوی دەربڕین لەسـەر هێـڵـێکی ئاراسـتـەیی زۆر جاریش ڕاستەوخۆیی، بە تایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا کـە بە کـێش و سـەروا و عـەرووز و بڕگـەی خـۆمـاڵی و ڕەمەکییەکان کۆتایی دێ... تاد.

* (لە دەقی کـــراوە)دا.. گـــۆڕەپانی نمایش، ئازادی دەربڕین و جـووڵە و چالاکـیـەکانی داڕشتنی شیـعر تا بڵێی کراوە و فراوانتر و ڕەهاترە، کەرستەیەکی زۆر کۆ دەبێتەوە بە پێی توانایی شاعیر لە بنیادی کۆنتێکستی خەیاڵڕەوی و بیرۆکەی شاعیر بە داڕشتنەوە بگرە، هەر لە (فلاشباک و خەون و خەیاڵ و خولیا و وەهم و هەڵبەز و دابەز و سۆز و مەنەلۆژ و دیالۆگ و داگیرسان و کوژانەوە و دەمامک و ڕووناکی و ڕیتم و میلۆد و دال و مەدلوول و هێماکان و خواستە و کنایە و فەلسەفە و... تاد)، واتە پابەند نەبوون بە بابەتێکی مـەبەسـتـداری یەک ڕەهەند و ئاراسـتـەیی و مـەسـەلەیەک، بەڵکو لقوپۆپ و گەڵا و چڕۆی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

(ڤرجینیا وولف) پێی وایە کاتێ دەڵێت:

(لە ئەنجـامی ئەو پێـوەندییـە مـرۆڤـایەتی و پێــــشکەوتنانەی هاتوونەتە ئاراوە هونەری دەربڕین لەوەدایە ئازادییـــەکی گـــەورەتر و زیاتر بە هونەروەر ببەخشێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی خۆی دڵسۆز بێت و وای لێ بکات لەو شتـە پێویست و ئاساییانەی هەن تێی پەڕێنێ تا دەگاتە مەملەکەتی ڕۆشنایی. * (٤)

هەروەها د. سەروەر عەبدوڵڵا دەڵێت:

ئەو جۆرە دەقانە دەقی کراوە پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لە سیاقی بنیادی شیعری سیلابی نوێ و شیعری پەخشان ئامێزی و بنیادی شیعری ئازاد (ئەنگلۆسکسۆنی) ئەو تێکستانە جۆرێکن کە کرانەوەیەکی پێوانەییان هەیە، ئەگەر خوێنەر ورد بێ نەبێ پێی وایە ئەم دەقانە پەخشانە شیعرن) * (٥)

* (لە دەقی داخراو)دا دەق هێندە دەوڵەمەند نییە بە کەرستە و ڕستەی لێکترازاو و باڵکراوەوە لە بنیادی پێکهاتە بەر تەسکەکەی مەودا و لە قاڵبدان و قەوارەی گۆڕەپانە سنووردارەکەی و داخران و ڕیزبەندی دێڕەکانی، یان ڕایەڵە یەکسـان و تەبا و ملکەچ بۆ فـەرمـانەکـانی تەفعیلە و سەروا و کێش و ڕێساکانی کە قوڕگی ئازاد بوونی شیـعر دەگرێ و سەربەستی بە جووڵە و بزێوی نادات هەر لە پابەند بوون بە قـاڵبسـازی (چوارین- دووبەیت - پێنج خشتەکی - موسەممەت - موستەزاد - مولەممع - تەرکیب بەند - موعـمـا - و تەرجیع بەند و... تاد، بە تایبەتی لە شیعرە کلاسیکییەکاندا.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ (محەمەد ماغووت) دەربارەی شیعر کە شوان ئەحمەد کردوویەتی بە کوردی لە وەڵامی پرسارێکدا شاعیر و نووسەر محەمەد ماغووت دەڵێت: (شـیـعـر جۆرێکە لە ئاژەڵی کـێوی و کـێش و سەروا و تەفعیلە دەستەمۆی دەکەن و من بۆ خۆم لەگەڵ دەستەمۆی شیعردا نیم، هەر بۆیە بە ئازادی وەک خۆی چۆن هەیە وازم لێی هێناوە و لە بەر ئەوەش هەندێ لێی دەترسن)* (٦)

* (لە دەقی کراوە)دا گەلێک بۆچوون و ڕای هەمەجۆر هەن و دەڵێن، لە دەقی کـراوەدا شـاعـیـر خـۆی بە دوور دەگرێ لە هەڵوەستە کـردنەکـانی ناو دەق و بەکـاربردنی خاڵبەندی، واتە داڕشتنی دەق بە بێ بوونی گرێوگۆڵ و وێردگوڵ و خاڵ و پرسەک و یەک ڕیزی دێڕەکان، هەروەها خۆ نەبەستنەوە بە تەرازووبەندی (کێش)ـەوە و پەیڕەوی سیـسـتـمێکی ڕەها ماف بە خۆبەخشین لە بری پابەند نەبوون بە کێش زیاتر بایەخ بە ئیـقـاعی ناوەوەی شیـعر دەدەن، ئەویش دەوەستێتە سەر توانایی شاعیر تا چەند دەتوانێ هارمۆنی و دەنگدانەوەی نێو شیعرەکەی وەدەست بهێنێ.

* (لە دەقی داخـراو)دا بە تایبـەتی لە ڕۆژهەڵاتدا کـە کۆمەڵگەی کوردەواریشی پێوە پەیوەست بووە، یاساکانی شـیـعـری عـەرووزی (خـەلیلی عـەرەبی) بە کـارهاتوون، هەرچەندە لە سەردەمی (گۆران)ی شاعیر بەم لاوە کێشی



**کەریم دەشتی**

پەنجە، یان کێشی فولکلۆری خۆماڵی بەکارهاتووە.

* (لە دەقی کراوە)دا وڕێنە ئەو گەرمە (تا)یەیە، یان ئەو فیگرتن و هەڵچوونە کاتییە ناهەستیارەیە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی نائاسایی و بێ ئاگایی شاعیر بە ئەنجام دەگات، تاڵە تیشکی ئاماژە پەرشوبڵاوە و گرۆتینی مانا لە یەک ئۆجاغ و ئاگردانەوە سەری هەڵنەداوە، شاعیر لە سەرەتادا نازانێ مەسەلەکان لە چ کیشوەرێکی خەیاڵڕەویدا دەستیان پێ کردووە و شەپۆلی هۆش و گەڕانەوەی لە بێ ئاگاییەوە ورووژمیان هێناوە و جۆرێک ئاڵۆزی تێدایە، مەوداکانی زەمەنی پاشخانی داڕشتنەکەی بە دابڕی نادیار ڕەخساوە، واقیع و خەون و خەیاڵ و وەهم و تارمایی و غەریزە خەفەبووەکان و گومان و ترس و حاڵەتە فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی شاعیر پێچەوانە دەکاتەوە، ئەوەتا (کازانزاکی) دەڵێت:

(کەسێک دەتوانێ پەی بە قووڵایی دیدگاکانی من و ئارەزوو و بیروڕا و غەریزەکانی من بەرێت کە لە ڕۆژگارێکدا ئەو ڕێگایە درێژیان بڕیوە و گەیشتوونەتە ئەو ئاستە ؟!). هەڵبەتە شاعیری وا هەن ئەو جۆرە وڕێنەیە کە دێتە کایەوە دواتر کاری لەسەر دەکەن، بە شێوەیەکی هونەری دایدەڕێژنەوە، بەڵام شاعیری واش هەیە وەک خۆی بە پچڕ پچڕی بە بێ دەستکاری کردنی شیعرەکە وەک بابەتێکی خاو دەیهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی و حەقیقەتی خۆی لە دەست نەدات.

واتە لێرەدا دەقی کراوە، ئازادی دەربڕینی هێندە بەرفراوانە بێ ئەوەی پڕۆژە، یان بیرۆکەیەکی ئامادەکراو بێت، بەڵکو بە بێ زۆرەملێ و پابەندی کۆیلەیەتی و ڕتووش و سنعەتکاری و ڕێساکانی ئامادەکراو پەیوەست بێ، ئەگەر ئاواش باسی ئەو مەسەلەیەم کردووە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام لایەنی هونەری و تەکنیکی لە پێناو بەرز ڕاگرتنی دەقەکە فەرامۆش نەکرێ و جوانکاری و ڕیکخستنی بۆ بە ئەنجام بگەیەنرێ.

نووسەر (ئاوات محەمەد) یش دەڵێت:

(پێویستە ئەوە بڵێین کە دەقی کراوە شێوەیەکی نوێی شیعرە، سیمایەکی تری جەوهەری شیعرە، یان باشترە بڵێین جەستەیەکی نوێیە بۆ ڕوحی شیعر، ئەو کارە ئەدەبییە کە لە زمانی شیعریدا بە شێوەیەکی چڕ گێڕانەوە بەکاردەهێنێت، کە ناتوانێت لە وێستگەیەکدا بوەستێت)* (٧)

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

(ئەم دەقانە بوونەتە ئەزموونێک خوڵقاندنی قەوارەی شیعری تێیاندا بەرفراوانە، کە ناچنە ژێر باری یەک شێواز، یان بنیادێکی دیاریکراوەوە.) * (٨)

ئەگەر دەقێک بخەینە ڕوو کە شیعرێکی (عەباس عەبدوڵلا یووسف)ـە وەک دەقێکی کراوە، سەیری دەکەین چەند ئازادی بە دەربڕینی خۆی بەخشیوە، دێڕەکان، وشەکان سەر ئاو کەوتوون، واتە ئاشکرا و ڕوونن، سادە و ساکار و جار جار تا ئاستی وتەکانی میللی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانادارن. پڕن، قووڵن بە هەست و نەستێکی ئاوەڵایی کراوە، لەو دەقەدا بە ناوونیشانی (لە خۆڕا)

**نووکی قەڵەمێکی چەمووش**
**مۆسیقای بۆنداری ناو هەیوولا بەرەڵلا دەکا**
**کلیۆپاترا لەو ساوە تا ئێستاش دەزرینگێنێ**
**ژیانم بەر خۆر و بایە.. بە هەموو دەم ئاشکرایە**
**هەگبەشم بێ مارە.. بێ بۆمبایە**
**پۆلیس فیتفیتەدار گمە گمی کوکوختی سەر بەیتوونەکەی بڕی**
**کوکوختی حەسرەتکێشی دڵشکاویش گازاندەی دەکرد و هەر دەیگووتەوە**
**ئەوە بەشەرە یا واشەرە !!؟**
**(تا دوا دێڕی کە دەڵێت... خۆ کەس لە منی نەدەپێچایەوە، ئەی بۆ خۆم بۆ خۆم بوومە سانسۆری**

**خۆم؟!).**

سەیر دەکەین عەباس عەبدوڵڵا یووسف-ی شاعیر بە هیچ شێوەیەک خۆی بە کێش و سەروا و یەکێتی بابەتی پەیوەست نەکردووە، ئەوەتا هەر خۆی لە تێبینی و پەراوێزی دەقەکدا دەڵێت (لە خۆڕا).. ناوونیشانەکە جۆرە هەڵوێستێکی نووسینێک نیشان دەدا، پێشتر شیعرم پێ نووسیوە ڕەنگە ببێتە ناوونیشانێکی نێوەندگەیی بۆ چەند دەقێک، ئەم دەقەش بە ئۆتۆماتیکییەتی داڕژانی هۆش و بنهۆش نووسراوە، پاشان مۆنتاج کراوە * (٩)

## دەقی کراوە

زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگران و ڕۆشنبیران پێیان وایە ئەو جۆرە داڕشتنە و ئەو ڕستە و دێڕانەی ڕێک دەخرێن لە دووتوێی دەقێکی کراوەدا بە پچڕپچڕی بە بێ تەواوکردنی بیرۆکە و قفڵدانی بابەتەکە غەدرێک لە شیعر دەکەن کە بە شیعر ناوی دەبەن، بەڵکو زیاتر دەکەوێتە خانەی پەخشانێک، هەروەها پێیان وایە شیعر بنیادنانە لە نێوەندی چوارچێوەیدا.

(عبدالملک مرتاض) دەڵێت:

(شیعر بریتی نییە لە مانا و بیروبۆچوون و تیوریزە کردنێکی فیکری، چونکە گەر وا بووایە ئەوە بۆ ئەو مەبەستە ڕێگایەکی فەلسەفی، یان لۆژیکی پەیڕەو دەکرا، بەڵکو (بنیادنانە) * (١٠)

هەروەها بە بۆچوونی زۆر لە ڕەخنەگران دەقی کراوە وەک ئاوێنەیەکی بەرجەستە وایە کە لە چەند ڕوویەکەوە دەبینرێ و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، هەروەک (جاک دریدا) دەڵێت: ئەو جۆرە دەقانە چەندان تەفسیر و تەئویل و لێکدانەوە هەڵدەگرن و چەندان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، لە کاتی خوێندنەوەیدا هەر جارەی بۆچوون و تێگەیشتنی تازەتر بە دەستەوە دەدات، بە واتەیەکی تر گەڕانەوە بۆ خویندنەوەی دەقی کراوە هەر جارەی بیرۆکە و تێگەیشتنێکی تر لای خوێنەر جێ دێڵێ، دیارە دەقی کراوە ڕێچکەشکێن و تەقلید شکێنە، ئەوەتا نووسەری ناودار (د. عەلی جەعفەر عەللاق) لەم بارەیەوە دەڵێت: (شاعیر ناتوانێ مەفهومێکی شیعری تازە بنیاد نێ ئەگەر یەکەم شت داڕمانێک لە ناخیدا ڕوو نەدات سەبارەت بە چەمکی کۆن، ناشتوانێ ژیان و فیکری تازە کاتەوە ئەگەر لەگەڵ تازەگەریدا نەژی و تەقلید وەلاوە نەنێ و لە قووڵایی ناخیدا ئەو درز و کەلێنانە (والا) نەکاتەوە کە سەدا و هاوارەکانی ژیانی تازەی لێوە بڵند دەبێت) * (١١)

بەڵێ کە وشەی (والا)مان بۆ دەردەخات مەبەستی دەقی کراوەیە.

- دیارە دەقی کراوە بە بۆچوونی ڕەخنەگرانی هاوچەرخ ئەوە دەگەیەنێ، دەقێک بۆ فڕین، باڵەکانی شەتەک نەدرا بێ، بفڕێ بە ئاسمانێکی ئازاد و بێ سنوور تا ئەو دیوی دیوەکان، بەڵام نەک تا ئەو ئازادییە ڕەهایەی لە دیسپلینی ئازادی بە تەواوەتی دەرچێت، چونکە ئازادیش ڕێژەییە و بێ ڕێسا و بێ قەوارەیی نییە.

هەروەها لە دەقی کراوەدا بە ماناداکردن هەیە بە دێڕێک، یان دەستەواژە و ڕستەیەک، یان ئەو خەیاڵەی شاعیر پێی پەیوەست بووە، خەیاڵێک لە بێئاگایی خۆرسکی، یان خەیاڵێک و فانتازییەکی ڕێکخراو، یان ڕسکاو، بۆیە هەندێ لە نووسەران بە خەیاڵی داخراو و خەیاڵی کراوە لێوەی دەدوێن، ئەوەتا (د. ڕێزان ساڵح مەولوود) لە کتێبی (ئەندێشەی شیعری لە جۆرەکانی ئەندێشە)دا نووسیویەتی. (ئەندێشەی کراوە و ئەندێشەی داخراو) تێیدا دەڵێت: (زاراوەی ئەندێشەی داخراو لە بواری ئاڵۆزی دەق و تێگەیشتن لە دەقی شیعری بە کارهاتووە، هەرچی ئەندێشەی کراوەیە، بەو جۆرە ئەندێشەیە دەوترێ، کە ئاسۆیەکی فراوان لە خۆ دەگرێت و بێ سنوورە و لە ئاکامی ئاوێتە بوونی لەگەڵ جیهانی تەریبدا دروست دەبێت و عەقڵ و زەین بە ڕووی دیمەنە گشتییەکانی بووندا دەکاتەوە، ئەم چەشنە ئەندێشەیە شاعیر بەرەو سەرلەنوێ بنیادنانەوەی جیهان دەبات، لە ڕێگای گۆڕینی واقیعی گریمانەیی بۆ واقعێکی ڕووت، بەم شێوەیە ئەندێشەی بینراو لەسەر واقیعی دەرەوە بۆ خۆی دەبێتەوە واقیعێکی تر) * (١٢)

هەروەها لە بڕگەی ١٤ - ئەندێشەی بەند کراو و ئەندێشەی ڕەها - ئاماژە بە بۆچوونێکی (ئیبن عەرەبی) دەکات لە ڕووی ئەندێشەی سۆفیگەرییەوە، کە ئەویش لە کتێبی (الخیال - مفهوماتە ووظائفە) ل١١٠ وەریگرتووە کە (ئیبن عەرەبی) دەڵێت: (ئەندێشەی بەندکراو و ئەندێشەی ڕەها) دوو دیوی دیاردەیەکن، بەڵام ئەندێشەی ڕەها بنەڕەتی ئەندێشەی بەندکراوە، هەر بۆیە ئەندێشەی بەندکراو ئەو وێنانە بنیاد دەنێ کە لەگەڵ نەمانی شتە ئەندێشەییەکەدا ئەویش نامێنێ، بەڵام ئەندێشەی ڕەها کراو ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە، بەردەوام واتا و گیانی نوێ بە بەر جەستەدا دەکات و

سیمای خۆیانی پێ دەبەخشێ). * (١٣)
لە دەقی کراوەدا شاعیر شیعرەکەی تەواو ناکات و دەیەوێت خوێنەر بەشداری تێدا بکات و لە خەیاڵی خۆیدا زیادەکی خۆی بخاتە سەر لێکدانەوەی تری بۆ هەبێت، لێرەدا ئەگەر ئاماژەیەک بە بۆچوونی (د. محەمەد بنیس) بکەین کاتێ دەڵێت: (شاعیر - نووسەر - هەتا لێتوێژەوەیش دەرگای لەسەر پشت ئاواڵا دەکاتەوە بۆ تەئویل و ڕامان و بیرکردنەوە و بە دواداچوون لە مەبەست و بۆچوونەکانی شاعیر بە پێی توانایی و ڕۆشنبیری و تێگەیشتنەکانی و درێژە پێدەری وەک دەستێکی بکەر) * (١٤)
- بەڵێ وایە لە دەقی کراوەدا زۆر جاران شاعیر بە پرسیارگەلێک دێتە پێشەوە و وەڵام بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بەشداری تێدا بکات، یان خوێنەر لە خەیاڵی خۆیدا بۆی تەواو بکات. بۆ نموونە (موحسین ئاوارە) لەو شیعرەیدا کاتێ دەڵێت:

**ئافرەتێکە ئاوارەیە**
**سێ منداڵی بە کۆڵێ پێ هەڵناگیرێ**
**هەر لە ڕێدا هەر لە ڕێدا**
**ناشزانی کامیان فڕێدا * (١٥)**

سەیر دەکەین شاعیر مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی ورووژاندووە کە ژنێکە و لێی قەوماوە و ئاوارە بووە، دەبێ پڕ بە پێ ڕابکات و ترسی بە دواوەیە سێ منداڵی بە کۆڵەوە پێ هەڵناگیرێ، دەبێ یەکێکیان فڕێ بدات، بەڵام هەر سێ کۆرپە و جگەرگۆشەی ئەون کامیان جێ بهێڵێ، کە تەنیا دەتوانێ دوان هەڵگرێ، جا لێرەدا پرسیار بێ وەڵامە و خوێنەریش بەشداری ئەم کارەساتە جەرگبڕە دەکات و دەیخاتە بەردەم بیرکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر، دەقەکەش هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە خەمەکەش گەورەیە.
- بە پێی بۆ چوونەکانی (ئایزەر) (خوێندنەوە کردارێکی جەدەلی ئاڵوگۆڕ پێکراوی بەردەوامە و دوو ئاراستەی هەیە لە خوێنەرەوە بۆ دەق لە دەقەوە بۆ خوێنەر).
- (ڕۆلان بارت)یش دەڵێت (هەر نووسەرێک بتوانێ کارێکی لەو شێوەیە لە دەقەکەی خۆیدا بەرجەستە بکات، ئەوە دەقەکەی بە دەقێکی خوێنەرانە لە قەڵەم دەدرێت) * (١٦)
هەروەها (ئیمبەرتۆ ئیکۆ) کە خۆی خاوەنی بیرۆکەی دەقی کراوەیە دەڵێت: (دەق ئامێرێکی تەمبەڵە، پێویستی بە خوێنەرێک هەیە جووڵەی پێ ببەخشێ و ژیانی بکاتە بەر) * (١٧)

## کەریم دەشتی شاعیر و دەقی کراوە

وەک سەرنجم داوەتە کۆی دەقەکانی کەریم دەشتی لە شیعرە چاپکراوەکانیدا بە دەگمەن ئەگەر دەقێکی ئەو شاعیرە قفڵ کراو بێت، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی کراوەن، هەروەها زۆربەیان بە (من) ی شاعیر، واتە خۆی و (تۆ)ی ئەوەی دی بە کاربردووە، بێ ئەوەی دەری بخات ئەو (تۆ)یە چ کەسێکە و کێیە؟ ئایا دڵدارێکە - نیشتمانە - خوای مەزن و میهرەبانە - جوانییە - سروشتە - شەهیدە... تاد
ئەو دەقەکانی بە کراوەیی بۆ خوێنەرانی جێی هێشتووە کە خۆیان تێدا بدۆزنەوە و بەو بارەدا بشکێتەوە کە هاوبەشی دەقەکەی بکەن، لە هەمان کاتدا تەواوکەر بن و لێ زیاد کردنی خۆیان بخەنە سەر بۆ هاوکوفی ڕێڕەوی ئەو دەقە، بۆ نموونە تەماشا دەکەین لە قەسیدەی (من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم) کە لە (١٧) کۆپلە پێکهاتووە، هەر لە سەرەتاوە لە کۆپلەی یەکەمەوە تا کۆتاییەکەی بە (من) دەست پێدەکات، کە خوێنەر، یان بڵێین نووسەر و شاعیرانی تر دەتوانن لە خەیاڵی خۆیاندا ئەوانیش (من)ێکی دی بەکار بهێنن و بەردەوامی بەو قەسیدەیە بدەن، چونکە قفڵی نەکردووە و کۆتایی بە ئەنجامەکەی هێنابێ، کە بۆ درێژەپێدانی بە بەریەوە هەیە بۆ نموونە لە کۆپلەی یەکەمیدا:

**(من) لە دەشتاییەکانەوە هاتووم**
**تا دێ مناڵیم وەک ئەسپە شێ**
**دوور دەبێتەوە بە تاو ڕادەکا**
**شایەدم کەزیی یادەوەرییەکان**
**وەک ڕەشەبایێ لە من هەڵدەکا**
**ئێستە نا ئێستا ڕێژنەیێ دێت و**
**بە سەر برینی (منا) دادەکا**

هەروەها لە کۆتایی دەقەکەدا دوا کۆپلە لە (١٧)مین کۆپلەدا کە دەڵێت:

**(من) لە دەشتاییەکانەوە هاتووم**
**لە بەرزایی گردەکاندا سەیری مانگم کردووە**
**لە گۆماوەکاندا ئەستێرەم ژماردووە**
**لە جۆخینەکاندا دەندەرۆشکم شکاندووە**
**دەزانم چەند قەپێلکە شەیتانۆکەم شکاندووە * (١٨)**

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هۆنراوە تراژیدییەی (گۆران)

(گوڵی خوێناوی) دەبینین وەک چیرۆکە شیعرێک هۆنیویەتییەوە، لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی بە مەنەلۆژێکی داخراو کە گفتوگۆیەک لە نێوەندی کوڕ و کچێک دەست پێ دەکات، هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی یەکێتیی بابەتی لە خۆ گرتووە، کۆتاییەکەیشی بە مەرگەساتێکی داخراو تەواو دەبێت.

**کچ:**

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم، زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ**
**نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەرکێ**
**بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە،**
**دوو چەپکت ئەهانی لە باخچەی پاشاوە !...**

**کوڕ:**

**باغچەی پاشا لەو بەر ئاوە**
**خێڵی دوشمن دەورەی داوە**
**ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە**
**ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە**

کاتێ کوڕ بۆ هێنانی چەپکێ گوڵ کە خۆشەویستی و پەیمان و دڵسۆزی خۆی بۆ دڵدارەکەی دەسەلمێنێ لە باخچەی پاشا گوڵ بهێنێ.

**کچ:**

**نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ**

**کوڕ:**

**(یەخەی مرادخانی ترازان):**
**ناتەوێ ئەم زامی دڵەم لە باتی) ؟**

**کچ:**

**هەی هاوار: تفەنگی دوشمنیش پێکاتی ؟**
**ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم**
**با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم !** * (١٩)

جا ئەم دەقەی (گۆران)ی شاعیر بە دەقێکی داخراو لە قەڵەم دەدرێ، چونکە وەک ئاماژەی پێ کرا چیرۆکە شیعرێکی تراژیدییە و سەرەتا و کۆتاییەکەی بە یەکەوە بەستراوە و یەکێتیی ئۆرگانی و بابەتی تێدایە و لێکترازانی تێدا نییە و لە دوادێڕدا دایخستووە.

(تۆنی مۆریسۆن) ژنە نووسەری ئێدیتۆری ئەمریکایی و ڕۆماننووسی هاوچەرخ لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت:

(بۆ ئەوەی تا ئەو شوێنەی دەتوانم و بۆم دەکرێت لە خەیاڵ و فەنتازیای خۆمدا ئازاد بم، ناتوانم خۆم بخەمە چوارچێوەوە هەر کارێک تا ئێستا لە دنیای نووسیندا کردوومە، بۆ پەرەپێدانی شێوەی دەربڕین، نەک بەر تەسککردنەوەی، بۆ کردنەوە و ئاوەڵاکردنی دەرگاکان، هەندێ جار کۆتایی ڕۆمانەکەم بە تۆزێک لێڵییەوە بە مەبەستی تەفسیر کردنەوەی دووبارە خوێندنەوەی تر (کراوە) هێشتووەتەوە * (٢٠)

* - (ئاراستەی ئێوارەیەک) - دڵشاد عەبدوڵڵا

**ئێوارەیەک تەماشا دەکەم**
**پۆلە مەلێک لە دوورەوە دێنەوە**
**بە شێوەی فڕینیان دەزانم، غەریبی هێناونی**
**هێندە بە تاو باڵ لێدەدەن**
**خەریکە گڕ دەگرن بە حەواوە**
**ئێوارەیەک تەماشا دەکەم.. تاد** * (٢١)

- بەڵێ لە دوایین دێڕیشدا لە بە کۆتا هێنانی دەقەکەی دیسان بە ئێوارەیەک تەواو دەبێ، ئاوا جێی هێشتووە کە دێڕی تری بە دوادا نەهاتووە وەک ئەوەی مابێتەوە کەسێکی تر تەواوی بکات، واتە دەقێکی کراوەیە و قفڵی نەداوە، لەو حاڵەتەدا هەر خوێنەرێ، شاعیرێک، نووسەرێک خۆی لەو دەقەدا بدۆزێتەوە بە خەیاڵ و هەستی خۆی کۆپلەی دی بۆ دەخاتە سەر بە هەمان ڕیتم و داڕشتن کە لە ئەنجامیشدا هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

## دەقی داخراو

ئەگەر بە قوفڵی قەسیدە داخستن ناوی بنێین کە ئەنجامەکەی لەگەڵ سەرەتاکەی یەک دەگرێتەوە، واتە یەکێتیی بابەتی تێدایە ئەوەتا نووسەر (د. ئەحمەد قەرەنی) دەڵێت:

(قوفڵ دوا بەیتە، کە شاعیر دەقەکەی پێ دادەخات و پوختەی مەبەستەکانی تێدا بەرجەستە دەکات و هەر لەو کاتەیشدا ((دوا شتە دەخوینرێتەوە و کاریگەرییەکی قووڵ بە ئەرێنی، یانیش بە نەرێنی لە ویژدانی وەرگردا بە جێ دەهێڵێت، ئەو شیعرە قوفڵ دراوانە پتر لەسەر بنەمای دیدێکی درامایی داڕێژراون و زۆر جار بە چیرۆک دەچن.)) * (٢٢).

(مەسعوود پەریشان)ی شاعیریش لە شیعری (من و تۆ)دا کە لە دوایین کۆپلەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

**من و تۆ جامێکی پڕین**
**لە یەک جۆرە تامی خۆشاو**
**من و تۆ پێکهاتەیەکین**
**من و تۆ یەک تاقە ڕوحین**
**بە بێ یەک دەبینە زوخاو** * (٢٣)

شاعیر بە من و تۆ دەست پێ دەکات، لە دوایین کۆپلەی بە کوتا هێنانی شیعرەکەی قفڵی کردووە، کە

دەڵێت بە بێ یەک دەبینە زوخاو، شیعرێکی داخراوە، لە هەمان کاتدا دەکرێ خوێنەر لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوامی پێ بدات و لێ زیاد کردنێک بخاتە سەری، یان بڵێین لەو جۆرە داڕشتنە هەبێ (من و تۆ)ی تێدا وێنا کرا بێ، بەڵام داینەخستبێ شیعرێکی کراوە بێ.

### دەقی داخراو

پێویستە ئەوەش بڵێین دەقی داخراو بەو مانایە نایەت کە هێندە داخراوە دەربڕینەکانی بە مانا ناکرێن ئەگەر بێین و بە نێو قووڵایی سەدان داهێنانی داهێنەرەکانی زەمەنبڕ و نەمردا بچینەوە، کە لە دووتوێی دەقی داخراودا شیعرەکانیان جێگیر بوونە، بێ گومان تووشی حەپەسان و پرسیار و لێکدانەوەمان دەکەن، واتە کە دەڵێین دەقی داخراو بەو مانایەوە باسمان نەکردووە لە بایەخ و گرنگی ئەو زاراوەیە کەم کەینەوە، بەڵکو کارەکەمان زیاتر بەراورد و ڕاڤەکردنێکە لە نێوانی ئەو دوو زاراوەیە و هێنانەوەی چەند نموونەیەکیش لەم ڕووەوە.

با بچینە نێو باخی ئەم شیعرەی (پۆل ئێلوار) بە ناونیشانی (لە ناو پاریس)

**لە ناو پاریس ڕێگایەک هەیە**
**لە ناو ئەم ڕێگایە ماڵێک هەیە**
**لە ناو ئەو ماڵە پەیژەیەک هەیە**
**لە ناو ئەم پەیژەیە ژوورێک هەیە**
**لە ناو ئەو ژوورە مێزێک هەیە**
**لەسەر ئەم مێزە مافوورێک هەیە**
**لەسەر ئەم مافوورە قەفەزێک هەیە**
**لە ناو ئەو قەفەزە هێلانەیەک هەیە**
**لە ناو ئەم هێلانەیە هێلکەیەک هەیە**
**لە ناو ئەم هێلکەیە چۆلەکەیەک هەیە**
**چۆلەکەکە هێلکەکەی وەرگێڕا**
**هێلانە قەفەزەکەی وەرگێڕا**
**قەفەزەکە مافوورەکەی وەرگێڕا**
**مافوورەکە مێزەکەی وەرگێڕا**
**مێزەکە ژوورەکەی وەرگێڕا**
**ژوورەکە پەیژەکەی وەرگێڕا**
**پەیژەکە ماڵەکەی وەرگێڕا**
**ڕێگاکە پاریسی وەرگێڕا** * (٢٤)

ئەم دەقە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەسەر یەک ڕیتم و دێڕ و ڕستە دامەزراوە و لێک نەترازاوە دەڕوا، کە یەکێتیی بابەتی لە خۆ دەگرێ و وشەکان، واتا و ماناکان یەکتر تەواو دەکەن، وەک زنجیرێک ئەڵقە ئەڵقە لێک ئەڵقاون و بە یەکەوە پەیوەستن و لێک دابڕانیان تێدا نییە تا دوا کۆتایی دێڕەکان، کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەر دێڕی یەکەم (لە ناو پاریس) و (ڕێگاکە پاریسی وەرگێڕا، واتە بە کۆتا هێنان و قفڵکردنی دەقەکە ناوی دەنێین دەقێکی داخراو، تەنیا بوارێک بۆ خوێنەر و ڕەخنەگر هەیە ئەگەر لێکدانەوەی بۆ بکات و مانای زیاتری لێ هەڵکرێنێ.

– زۆر جاریش وا ڕێک دەکەوێت لە شیعرێکدا هەم کراوەیە و هەم داخراو، بۆ نموونە شاعیرێکی عەرەب (عبدالعزیز المقالح) لە دیوانی (کتاب الام)دا دەڵێت:

**لە ئاسمان و لەسەر زەوی**
**شتێک نییە تەنیا زستان نەبێ**
**پەنجەرەکان داخراون**
**شەقامەکان چۆڵن**
**چۆن.. ؟**
**لە چ پەنجەرەیەکەوە مردن کەوتە خوارەوە ؟!!** * (٢٥)

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا شاعیر بە شێوە گێڕانەوەیەکی سیمیای ناوەرۆکێکی چوارچێوەداری دروست کردووە بۆ چەند دێڕێک کە لە سەرەتاوە بە (ئاسمان دەست پێدەکات و تا دەگاتە شەقامەکان کە چۆڵن) داخراوە تا ئەو ئاستە، بەڵام سووسەی گەڕان بە دوای وەڵامێک دەورووژێنێت بە وشەی (چۆن) ؟ ئیتر بەم پرسیارە کە قیتی دەکاتەوە لە چوارچێوەکەیدا دەربڕینێکی تێدەکەوێ کاتێ دەڵێت (لە چ پەنجەرەیەکەوە مردن کەوتە خوارەوە ؟) بەڵێ شاعیر پرسیارەکە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێ کە خوێنەر بخاتە حاڵەتی بیرکردنەوە و ڕامان بۆ وەدەستهێنانی وەڵامێک، واتە خوێنەری بەشدار کرد بۆ تەواوکردنی شیعرەکەی، ئەم دەرگا واڵا کردنە، یانی ئە لێرەوە دەقەکەی دەکرێتەوە و وەک دەقێکی کراوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

* دوای ئەوەی بە دوورودرێژی و بە هێنانەوەی نموونەی بەردەست و بە پێی توانایی و دەرەقەت هاتن، کە هەوڵەکانم چڕ کردەوە و چوومە نێو دنیا و مانا و تایبەتمەندییەکانی هەر دوو چەمک (دەقی داخراو و دەقی کراوە)، بایی ئەوە جارێکی تر مۆڵەت بە خۆم ئەگەر ڕەوا ببینم، دەگەڕێمەوە و هەڵسەنگاندنێکی دی بۆ هەر دوو چەمک بە یەکەوە دەخەمە بەر قەڵەمی نووسەران و ڕەخنەگرانی ناودار کە بە بۆ چوونی ئەوان وا دەکەوێتەوە ئەویش (د. خلیل الموسی) کە دەڵێت:

(هەتا چەمکی دەق ئاوێزان، ئەوە دەگـەیەنێ کـە دەق دەرگـا بە سـەر خـۆیدا داناخـات و کـراوەیە بەرانبـەر بە دەقـەکـانی دی و دنیـای دەوروبەری، واتە دەقی کـراوە جـوولـەدارە لە نێـو ژینگەکـانی دەقە جـۆراوجـۆرەکـاندا، ڕادەکشێ و سـەرکێشـە و چالاکییـەکـەی وەک دەست و پلەکـانی ئەختـەبووتە بە چ شـتێـک دەگات هەڵـیدەمژێ، بەو پێیـەش دەقـێکە بەرهەمـهێن بۆ خـوێنەر، بزاڤـێکی گشـتییە بە دوای گشـتگیری و ژیانەوە، لە لایەکی دی، ئاماژە بە وتەیەکی (بارت) دەکات کە لە کتێبی (وانەی سیمۆلۆژیا)لە وەرگێڕانی (بنعبد العالی) دار التویقال/ ١٩٨٦/ ل٥٠ (بارت ڕۆلان)دا هاتووە دەڵێت:

((دەڕۆین بۆ ئەوەی بڵـێین (دەقی داخـراو) یەکـسـانە بەو پێوەندییە سێکسییەی وەچەی لێ ناکەوێتەوە، واتە پێـوەندییەکی داخـراو لە نێـو خودی خـۆیدا، بەڵام (دەقی کراوە) یەکسانە بە پێوەندییەکی سێکسی بەرهەمهێن و وەچەی لێ دەکەوێتەوە.* (٢٦)

## ئەنجام

دەقی داخـراو و دەقی کـراوە هەروەک لە پێـشـدا لە ناوونیـشانی بابەتەکەمانەوە ئاماژەمان پێ کردووە دوو کیـشوەری جیان و چەندان نووسینی بڵاوکراوەی لەسەر ئەنجـام دراوە و لـە لایەن نـووسـەرانی نـاودار و ڕەخنەگرانەوە چەند و چوون و گفتوگۆی نەپساوەی لە خۆ گـرتووە، دیارە دەقی داخراو ئەو جـۆرە دەقـانەیە کـە پتر یەکـێـتـیی بابەتی و ئۆرگـانی لە خـۆ دەگـرن، هەر لە سەرەتای بابەتی نووسراو تا کۆتاییەکەی یەک بیرۆکەی ئاراستە کراوی لێک ئاڵقە دراوی پەیوەست بە بابەتەکە کـە وەڵامی کـۆتایی لە دوایین دێڕی تـەواو بوو وەردەگیرێتـەوە، واتە لە کۆتایی دەقدا مەسـەلەکە قوفڵ دەکـرێ، بۆیە هەندێ لە نـووسـەران بە دەقـێکی داخـراو ناوی دەبەن، هەروەها دەقی داخـراو زیاتر لە شـیـعـردا چیرۆکە شیعر لە ئامێز دەگرێ، یان بیرۆکەیەکی درامایی کە سەرەتا و ئەنجامەکەی پێکەوە بەسترابێتەوە و لێک دانەبڕێ و پەیوەسـتـە بەو سیـسـتم و دیسـپلینەی کـە قـاڵـبـڕێژی لە بنیـادنان و ڕێکخـسـتنیـدا بە سـەردا دەچەسپێ، واتە نووسـەر، یان شاعـیر پابەندی دەبێت و ڕێڕەوی تایبـەتی خـۆی هەیە. دیارە لای بنیـادگـەرانیش دەق چەندان جۆرە خوێندنەوە هەڵدەگرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بنیادەکەی داخراوە، بە هەمان شێوە بە بۆچوونی فـۆرمـالیـسـتـەکـانیش سـەبارەت بە دەقی کـراوە، یان تێکـسـتی والا هەڵبـەتە ئەم زاراوەیە لە ئەورووپا سـەری هەڵداوە و پەیڕەو کـراوە کە (ئەمبیـرتۆ ئیکۆ) لە سـاڵی ١٩٣٢ ئەم زاراوەیەی داهێناوە و کـتـێـبـێکیـشی بەو ناوونیـشـانە هەیە چاپی کـردووە بۆ دەقی کـراوە زۆر لێکدانەوە و بۆچوون باسی لێـوە کـراوە، بەو واتایەی کـە دەقی کـراوە پێـوەندی بە شـرۆڤـەکـردن و تەئویل و لێکدانەوە هەیە، هەندێک لە ڕەخنەگرانیش پێیـان وایە دەقی کـراوە بە شێوازە جیاجیاکـانی، واتە پانتاییـەکی لیـبـراڵ و ڕادیکاڵـیـیە ئازاد بووەکـەی لە تێـشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی زمان و پێ بەخشینی ڕەهایی و جووڵە و چالاکـیـیـەکی زیاتر و قـرتاندنی ڕایەڵەکـانی یاسـا و ڕێسـای لە قـاڵـبـدان و ئیلتـزامـە پەیوەسـتـبـووەکـانە، بە کـورتی و بە کـوردی نا سـەقـامگیـری دەق بە هەمـوو پێوەرەکانی (جاک دریدا) و هانز ڕۆبێرت یاوس و ئیزەر و بـول دیمان و جـــفـــری هارتمان و دەیان ڕەخنەگـــر و تیورداڕێژەرانی تر و قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی کە بایەخـێکی تەواویان بە خـوێنەر داوە کـە تەاوکـەری دەقـەکـانن، واتە لە دەقی کـراوەدا، هەڵبـەتە لەگـەڵ گۆڕانکارییەکان و جیهانی بەرەو پێشەوە چوو لە هەموو بوارەکان شێوازی دەربڕینەکانیش ئاساییە گۆڕانکاری بە سـەردا بێت، جـوانتـرین نموونە کـە ئامـاژەی پێ بکەم بۆچوونیکی (د. سەروەر عەبدوڵڵا)یە کە دەڵێت:

(ئەو جۆرە دەقـانە دەقی کراوە پێکهاتەکـەی تێکەڵاوە لە سیـاقی بنیـادی شـیـعـری سیـلابی نوێ و شـیـعـری پەخـشـان ئامـێـزی و بنیـادی شـیـعـری ئازاد (ئەنگلۆسـەکـسـۆنی) ئەو تێکسـتـانە کـرانەوەیەکی پێـوانەییـان هەیە ئەگـەر خـوێنەر ورد نەبێ پێی وایە ئەم دەقانە پەخشانە شیعرن).


**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

*** (١) کتێبی (دراسات تحلیلیة في الشعر العربي المعاصر) لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دمشق، ١٩٧٢، نووسینی محی الدین صبحي، ل٥.**

*** (٢) کـتـێـبی (شـێـوازی شـیـعـری نوێی کـوردی کـرمـانجی ناوەڕاست، لێکۆڵینەوە، د. حـەمـە نووری عـومـەر کـاکی، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٤٥.**

*** (٣) کـتـێـبی (تیـوری بنیـادی شـاراوەی دەق) نووسـینی (نەجات حەمید ئەحمەد)، هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، ل١٢.**

*** (٤) کـتـێـبی الحداثة، ١٨٩٠ - ١٩٣٠، نووسـینی، (١)**

مالکم برادبری (٢) جێمس ماکفارلن، وەرگێڕانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی، بەغدا،١٩٨٧، دار المأمون، للترجمة و النشر، ل٢٤.

* (٥) حركة الحداثة في الشعر الكردي، السليمانية،٢٠١٢، نووسینی د. سەروەر عبدالله، لە چاپکراوەکانی بنکەی چاودێر، ژمارە ١، ل٢٣٩.

* (٦) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە، ٦٢ - ٦٣، لە ٢٠١٣، گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر محەمەد ماغووت، دەربارەی شیعر، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی،شوان ئەحمەد، ل٢٠٧.

* (٧) کتێبی (لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوی تێکست) نووسینی ئاوات محەمەد، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٦.

* (٨) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٣٣

* (٩) کۆمەڵە شیعری (کەری بۆریدان) عەباس عەبدوڵلا یووسف، لە چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس، ٢٠١١، ل١٣.

* (١٠) کتێبی (بنية الخطاب الشعري) چاپی بیروت، ١٩٨٦، ل٣٤

* (١١) کتێبی (في حداثة النص الشعري) نووسینی د. علي جعفر العلاق لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٠، ل٢١٧.

* (١٢) کتێبی ئەندێشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووا نووسینی ڕێزان ساڵح مولود، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرە ٧٦، هەولێر ٢٠٠٩، ل٤٧.

* (١٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

* (١٤) کتێبی (التناص - المفهوم - و خصوصية التوظيف في الشعر المعاصر)، دار التنوير الجزائر، ل د. المختار حسني، ل٦٣.

* (١٥) دیوانی کاریزە مەرجان، موحسین ئاوارە، لە چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - مەڵبەندی گشتی، ژمارە ١١٨، ٢٠١٤، هەولێر، بەرگی یەکەم، ل٢٦.

* (١٦) گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٩٦ خولی سێیەم، ئەیلوولی ٢٠١٣، ل٨٢ لێکولینەوەیەک بەناوونیشانی (چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی دەق)، نووسینی ئاری عوسمان خەیات.

* (١٧) ڕۆژنامەی چاودێر، هەفتەنامەی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆناکبیری، ژمارە ٣٥٦ لە ٢٠١٣/٨/٤، نووسینی کاروان محەمەد فەتاح.

* (١٨) ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٢٩١ لە بەرواری ٢٠١١/١٢/٥، ڕەخنەی چاودێر، کریم دەشتی، شیعر، ل٨.

* (١٩) دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، ١٩٨٠ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەغدا، ١٩٨٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کریم، ل١٦.

* (٢٠) کتێبی (پیاسەیەک بە شەقامی پەیڤی ژندا) هەڵبژاردن و وەرگێڕان، مستەفا زاهیدی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣، ژنە نووسەری ئێدیتوری ئەمریکایی - تۆنی مۆریسۆن، ڕۆماننووسی هاوچەرخ لە وەڵامی پرسیارێکیدا، ل٤١٧.

* (٢١) کۆمەڵە هۆنراوەی (پەلکە زێڕینە لە نزیکەوە)، دڵشاد عەبدوڵلا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل٨٨.

* (٢٢) کتێبی (ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩٢٥ - ١٩٧٠، د. ئەحمەد قەرەنی، ل٢٩٢، کە ئاماژەی بە کتێبی (المفارقة في الشعر العربي الحديث) کردووە، لە چاپکراوەکانی (المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت)٢٠٠٢، ل١٨٩، بەشی یەکەم.

* (٢٣) کۆمەڵە شیعری چاپکراو، مەسعوود پەرێشان، هەرزەیی وەرزی جوامێری، ساڵی (٢٠٠٠) دا.

* (٢٤) کتێبی هەڵبژاردەیەک لە شیعری فەڕەنسی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٢، شیعری پۆل ئێلوار، ل١٣٠.

* (٢٥) کتێبی (في تحليل الخطاب الشعري) - دراسات سيميائية - دار التنوير - الجزائر - نووسنی نووسەری عەرەب (عصام واصل) - الجزائر، ٢٠١٠، ل١٦.

* (٢٦) کتێبی (من فضاء التخيل الى فضاء التأويل) دراسة اسلوبية و جمالية في الشعر العربي القديم، سلسلة الدراسات (١٥) من منشورات، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ل١٠٠ و ١٠١.